# حوکمی خوێندنەوەی سورەتی ( الفاتحة ) لە نوێژدا

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حكم قراءة سورة الفاتحة في الصلاة

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوکمی خوێندنەوەی سورەتی ( الفاتحة ) لە نوێژدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئایا خوێندنی سورەتی ( الفاتحە ) لە نوێژدا فەرزە یان سوننەت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان لە هاوەڵان و تابعین و پاش ئەوانیش لەسەر ئەو ڕایەن کە خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) فەرزە، وە نوێژ بە بێ خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) بۆ کەسێك توانای خوێندن و فێر بوونی هەبێت دروست نییە، وە خوێندنی هیچ بەشێکی تریش لە قورئان ئەو جێگایە پڕ ناکاتەوە، ئەمەش ڕای هەریەك لە عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عاص و عەبدوڵای کوڕی عەباس و ئەبو هورەیرە وئەبو سەعیدی خودریە ( خوایان لێ ڕازی بێت )، پاش ئەوانیش هەریەك لە موحەمەدی کوڕی شیهابی زوهری و إبن عەون وئیمامی ئەوزاعی وئیمامی مالیك وئیمامی شافیعی وعەبدوڵای کوڕی موبارەك و ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاق وأبو ثەور و سوفیانی ثەوری و داودی ظاهریە ،،،

ئیمامی ئەبو حەنیفەیش لە بە ناوبانگترین ڕای خۆیدا ئەوەی ووتووە، کە خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) واجبە و فەرز نیە، وە مەرجی دروستی وصیحەتی نوێژ نیە، و خوێندنی سورەتێکی تری غەیری ئەو سورەتەش جێگای خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) دەگرێتەوە، لە ڕێوایەتێکیدا تردا دەڵێت : خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) موستەحەبە و واجب نییە ..

بەڵام ئەوەی کە بە ڕای متمانە پێکراو و ئیعتماد لەسەر کراوی مەزهەبی حەنەفی ناسراوە ئەوەیە : خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) واجبە لەسەر کەسێك کە بیری هەبێت وفکری لەسەر خۆی بێت، بەڵام ئەو کەسەی کە لەبیری چوو یان بە هەڵە و سەهو تەرکی کرد، ئەوە واجبە سوژدەی سەهوی بۆ بەرێت تاوەکو جێگای بۆ پڕ بکاتەوە، وە نوێژەکەی ڕاست ودروستە ئەگەر هاتوو هەندێك لە قورئانی لەبری سورەتی ( الفاتحة ) خوێند.

بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا، ڕای ڕاست ودروست و پەسەند کراو لای جمهوری زانایان ئەوەیە، خوێندنی سورەتی ( الفاتحة ) فەرزە و نوێژ بەبێ خوێندنی ئەو سورەتە بەتاڵە و دانامەزرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو

فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی: «لا صلاة لمن لم يقرأ فاتحة الكتاب»واتا :

نوێژی ئەو کەسە صەحیح ودروست نییە ئەگەر هاتوو سورەتی ( الفاتحة ) ی نەخوێند ..

خوای گەورەش زاناترە ....